# بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی سەربە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، لەسەر دابەشکردنی نەوتی سپی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕاپەڕین ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە، دوای ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بە دابینکردنی بڕی 100 و پێنج ملیۆن لیتر نەوتی سپی بۆ پارێزگارکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕاپەڕین، لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەستکرا بە عەمبارکردنی نەوتی هاتوو لە کۆگای سووتەمەنی عەربەت. ئاماژە بەوەشدراوە، لە ڕێکەوتی 9ی 10ی 2023 دەستکرا بە دابەشکردنی نەوتەکە لە ناوچە شاخاوییەکان و ئەو شوێنانەی ساڵی رابردوو تەواونەکرابوون.

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی رایگەیاند، تا ئێستا بڕی پێنج ملیۆن و 789 هەزار لیتر بەسەر 28 هەزار و 945 خێزاندا لە سنووری قەزای پێنجوێن و ناحیەکانی لەگەڵ قەزای سەیدسادق و ناحیەکانی و هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و گەرمیان دابەشکراوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە، کە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بەردەوامە و لە ئایندەیەکی نزیکدا شاری سلێمانی و دەوروبەریشی دەگرێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی باسی لەوەکرد، هەوڵێکی زۆریان داوە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دابینکردنی بەشە نەوتی پارێزگای سلێمانی وەک سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق، لەو رووشەوە پێش هاتنی وەرزی سەرما گفتوگۆ لەگەڵ حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق کراوە.

جەختی کردەوە لەوەی، "پێویست ناکات هیچ لایەن و فراکسیۆنێکی پەرلەمانی موزایەدە لەسەر دابینکردنی نەوتی هاووڵاتیان بکات لە سنووری پارێزگای سلێمانی".